# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

ڕۆژی 2006/12/1 کۆمیتەی رابەریی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامەکانیو میوانداری هاوڕێ ڕەحمەتی فاتیحی لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حیکمەتیستو ژمارەیەك لەکادرانو بەرپرسانی مەیدانە سەرەکیەکانی حزب، سێهەمین کۆبونەوەی فراوانی خۆی بەست.

پاش دیاری کردنی دەستور جلسەکە، زمناکۆ عزیز سکرتێری ڕێکخراوی کوردستان ڕاپۆرتی چالاکیەکانی ڕێکخراوی کوردستانی لەنێوان دوو کۆبونەوەی فراوانی خۆیدا باس کرد، کە چالاکیەکانو سەرجەم جموجولە سەرەکیەکانی حزبو کۆمیتەکانی شارەکانو ڕێکخستنە حزبیەکانی لەخۆ گرتبوو، دەورونەخشی حزب لە نارەزایەتیەکانی خەڵك، دەخالەت لە مەسائیلی سیاسی ڕۆژانەی (سلێمانی-کەرکوك-کەلار- قەلادزە- دەربەندیخان.......)، دەرکەوتن لە ئیعلامی مەحەلی، تەشکیلاتو ئەندامگیریو جلسەکانی کۆمیتەکان، بڵاکراوەی ئۆکتۆبەر، مالیەو ئیمکانیەت. وە هاوڕێیانی بەشداربوو بەتێروتەسەلی لەسەر خاڵە بەهێزەکانو لایەنە لاوازەکان دووانو بەگشتی چالاکیەکان بەئیجابی هەڵسەنگێندران. پاشان باسێك لەسەر وەزعیەتی سیاسی کوردستانو کاریگەری شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراقو ناوچەکە لەسەر رەوشی سیاسی کوردستانو تاریکتربوونی ئاسۆی حزبەکانی ناسۆنالیزمی کورد و پێویستی خستنەڕووی بەهێزتری سیاسەتی جیابوونەوەی کوردستان پێشکەشکرا. لەمبارەیەوە بڕیاردرا کە دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی رابەریی لەسەر بنەمای ئەم باسانە نەخشەکاری حزب گەڵاڵەو پەسەند بکات بۆ کارکردنی ڕێکخراوی کوردستان لەسەری. باسێکی تری کۆبونەوەکە لەسەر وەزعیەتی شاری کەرکوك بوو، کە فەزای نائارامی باڵی بەسەردا کێشاوەو لایەنە تیرۆریستەکان کردەوەکانیان برەو پێداوەو ئاستی تەقینەوەکان زیادیکردوەو ترسی دەستپێکردنی شەڕی قەومی لەم شارە ترسێکی گەورەیەو هەر ئێستا سەرەداوەکانی لێرەو لەوێ دەرکەوتون. لەمبارەیەوە چەند پێشنیارو ئیقداماتێك دیاریکران. لە بەندێکی تری دەستوری کۆبوونەوەکەدا باسێك لەسەر نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لەشارو شارۆچکەکاندا کرا، ئەوە ڕونکرایەوە کە نارەزایەتیەکانی خەڵك بەگشتیو لاوان بەتایبەت ڕۆژانە لەپەرەسەندندایەو جێگەو ڕێگەی ئەحزابی ناسیونالیست کەوتوەتە ژێر پرسیاری جدی خەڵکەوە، وەحزب زیاتر لەساڵانی ڕابردوو بووەتە جێگەی ئومێدو چاوەڕوانی دەوری گەورەترو ڕابەریکردنی زیاتری کۆمەڵگای لێدەکرێتو زەمینەی بەهێزکردنی حزب لەناو دڵی ئەم نارەزایەتیانەدا بەهێزە، وەلەمبارەیەوە سەنەدێکی پێشوتری هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد وەك پلاتفۆرمی ئەم دەورەیە پەسەند کرا. وە سەبارەت بەکرانەوەی فەزای کارکردنو دەرکەوتنو گەشەکردن لە کوردستان باسێك کراو سەرنجی ئامادەبوان بۆ ئەوە ڕاکێشرا کە فرسەتی ئەوە لەئارادایە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەهێز بێتو بتوانێ هاوکێشە سیاسیەکان بەقازانجی خەڵك بگۆڕێتو فشارەکانی بۆسەر ئەحزابی قەومی توندتر بکاتەوە. لەکۆتاییشدا کۆبونەوەکە دەستەیەکی کارگێڕی پێنج کەسی هەڵبژارد کەلەم هاوڕێیانە پێك هاتبوو: پشتیوان کریم، سەعید ئەحمەد، ڕەمەزان سابیر، زمناکۆ عزیز، محمد عزیز.

وە زمناکۆ عزیز وەك سکرتێری کۆمیتە ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان دیاری کرا.

**ڕێکخراوی کوردستانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
2006/12/2